# نیلۆفەر ئاکبال لە ئەلبوومێکی نوێدا

ئەلبوومی ٢٠١٠ی خانمە گۆرانیبێژ نیلپفەر ئاکبال لە ١١تراک پێکهاتووەو ناوی 'هەریرە'ی لێنراوە.

ئەلبوومی هەریرە ئەو گۆرانیانەی لەخۆی گرتووە : فادیمە، سینەم، مارە، دەلالێ، کیمە ئەز، هەریرە، شلێرە، خەزالێ ، خدۆ، پاوانەکانی و گولمەمەز گەرەک'

نیلۆفەر لەو ئەلبوومەدا بە هەرسێ زاراوەی زازاکی، سۆرانی وکرمانجی سەروو گۆرانی دەسترێ، بەوهۆیەشەوە دەتوانێ زۆرترین کوردستانی بەلای خۆیەوە رابکێشێ.

جێی ئاماژەیە کە دوای پێنج ساڵ لە بێدەنگی، سەرەنجام نیلۆفەر ئاکبال یازدەهەمین یەلبوومی خۆی لەژێر ناوی هەریرەدا خستە بازارەوە.

نیلۆفەر لە وارتۆی شاری موش دا لەنێو خێزانێکی کوردی عەلەویدا دایک بووە، باوکی فەرمانبەری دەوڵەت بووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ خوێندنی مۆزیک دەچێتە شاری ئیستانبۆل. یەکەمین ئەلبوومی خۆی لە ژێر ناوی ئەرزوحال ئەیلەدیم بە زمانی تورکی لە ساڵی ١٩٨٧دا بڵاوکردۆتەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٩٣ روو لە هەندەران دەکات و لە ئەوڕوپا دەگیرسێتەوە. لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندانی کورد پەیدا دەکات و پێیان سەرسام دەبێ، بۆیە بڕیار دەدا کە بۆ هونەری نەتەوەکەی خۆی بگەڕێتەوە. لە فیلمەکانی مەمو زین، رێ و پەنابەردا بەشداری دەکات، ئیدی باشتر دەناسرێ و ناوبانگی زۆرتر دەبێ. دواتر بڕیار دەدا کە بە کوردی گۆرانی بلێ. سەرەتا دەیەوێ پەیڤی کوردی تێکەڵ بە ئاوازی رۆژئاوایی و پۆپ بکات، بەڵام دواتر هێواش هێواش بەرەو ئاوازو گۆرانی رەسەنی کوردی دەگەڕێتەوە. بەتایبەتیش لەساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧ کە سەردانی باشووری کوردستان دەکات، زۆر بە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، یتەحسین تەها سەرسام دەبێ، هەروەها هەروەها ئاشنایەتی لەگەڵ دەنگی مەزهەری خالقی و حوسێنی شەریفی پەیدا دەکات.

نیلۆفەر ئاکبال دەلێ: کاتێک سەردانی شاری هەولێر، سلێمانی، شەقڵاوەو دهۆکم کرد، تام وچێژم کە گۆرانی رۆژهەڵاتی وەرگرت، پێیانەوە سەرسام بووم، بۆیە بڕیارم دا کە لەیەکەم دەرفەتدا گۆرانی سۆرانی بلێمەوە، ئەوەبوو سەرەتا لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی هەریرەم دەگوتەوە، دواتر خۆم ئامادەکرد تا ئەلبوومێکی دەوڵەمەند بخەمە بازاڕەوە.

نیلۆفەر ئاکبال هۆنراوەی چەندین هۆزانڤانی وەک کەمال بورکای، کەمال قەهرەمان، کەرەم گەردەنزەری و جانی کردۆتە گۆرانی و رۆحی بە جەستەیدا بەخشیون، ئەوەش وایکردوە کە هۆزانڤانان ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریکردنی پێشان بدەن.



ژوانگە

## بودجە بڕین یان تۆڵە لێکردنەوە

لەو رۆژانەدا لە بارەگای حزبی رزگاریی کوردستان بووم، کاتێک زانیم ئەو حزبە ماوەی هەشت مانگە بودجەی لێبڕاوە، باوەڕەم نەکرد، دواتر ئەندامانی سەرکردایەتی بیانۆکانی راگرتنی بودجەیان بۆ باسکردم.

بە بیانۆی ئەوەی کە کەسێک هەیەو بانگەشەی رزگاری بوون دەکات و لە دەرەوەی حزب رزگاری دایە، بودجەی ئەو حزبە راگیراوە، ئەمەش نەک هەر پاساو نیە، بەڵکو شەڕ پێفرۆشتن و تۆڵە لێکردنەوەیەکی ئاشکرایە.

وەک هەڤاڵانی حزبی رزگاری گوتیان: 'ئەو کەسە ساڵی ١٩٩٤ هاتە ناو رزگاری و هەر هەمان ساڵیش رۆیشت، ئەی باشە بۆچی دوای ١٦ ساڵ لە رۆیشتنی ئەو کەسە بودجەی حزبی رزگاری رادەگیرێ؟!

هەڤاڵانی حزبی رزگاری پێیانگوتم:' لە وەزارەتی ناوخۆ بە ئێمەیان گوت؛ راستە مۆڵەتی حزب هی ئێوەیە، بودجەکەش هی ئێوەیە، بەڵام چونکە سێ ئەندامی ئێوە چوونەتە لای ئەو کەسە، ئیدی ئەویش داوای راگرتنی بودجەی رزگاری کردوە!!'

حزبی رزگاریی کوردستان پێشینەی خەباتی چەکداری و شاخی هەیە، بەڵام بودجەکەی بیست ملیۆنەو راشگیراوە، کەچی هەندێک رێکخراو پێشینەی خەباتی چەکداریان نیەو بودجەکەشیان زۆر لە هی حزبی رزگاری زۆرترەو ئاسانکاریشیان بۆ دەکرێ. هەروەها هەندێک رادیۆو بڵاوکراوە بودجەی ٥ تا ١٠ بەرابەر زیاتر لە حزبی رزگاریان هەیەو کەسیش لێیان راناگرێت.

من راگرتنی بودجەی حزبی رزگاری بە تۆڵە لێکردنەوە دەبینم، دەنا هیچ پاساوێکی یاسایی و شەرعی بۆ راگرتنی ئەو بودجەیە بوونی نیە، پێشمواپە لە داهاتوودا ئەو راستیە دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێ کە کامە بەرپرس بودجەکەی راگرتووە.

**هەردی ئیبراهیم**

# لوسی لە٣ فیلمی سینەماییدا



لوسی، خانمە هونەرمەندی میسر، دوای ئەوەی لە زنجیرەی 'مذكرات سيئة السمعة' رۆڵی بەرچاوی گێڕاو کەناڵی ئاسمانی میسر ئەو زنجیرەیەی بە تەنیا بۆ خۆی کڕیەوە،

ئێستا سەرقاڵی بەشداریکردنە لە سێ فیلمی سینەماییدا.

لوسی ئاشکرای کردوە کە خۆی بۆ سێ فیلم ئامادە کردوەو یەکێکیان جیهانیەو لەگەڵ دەرهێنەرێکی ئەمریکی ئەنجامی دەدا.

هەرچەندە کە زنجیرەی بیرەوەری ناوبانگ خراپ چەند ئەڵقەیەکی لێ پێشان دراوە، بەڵام پارێزەرێکی میسر بەبیانۆی ئەوەی کە دیمەنی ئابڕوبەرانەی تێدایە، سکالای لەدژدا تۆمار کردووەو داوای راگرتنی کردوە. سەبارەت بەو داوایە بوسی گوتویەتی:' ئەو پارێزەرە بەتەنیا داوای راگرتنی ئەو زنجیرەیەی نەکردوە، بەڵکو دوای کردوە دە زنجیرەی دیکەش بەبیانۆی ئەوەی کە دیمەنی ئابڕوبەرو سەمای رۆژهەڵاتیان تێدایە، رابگیرێن.

لوسی ئەو دەنگۆیانەی بەدرۆ خستۆتەوەو رایگەیاندوە کە هیچ ناخۆشی و کێشەیەکی لەگەڵ هونەرمەندی سوریا سۆزان نەجمەدین دا نیە، بەڵکو بەرێزو خۆشەویستیەوە بەیەکەوە پێنج دیمەنیان لە زنجیرەکە تۆمار کردوە،

لوسی ئاشکری کردوە کە ئێستا فیلمی لێدانی دڵ وێنەی لێهەڵدەگیرێ کە فیلمێکی رۆمانسی و کۆمێدیە، هەروەها بەهۆی سەرقاڵی بە کاری سینەماییەوە کاتی بەشداریکردنی لە هیچ کارێکی شانۆییدا نیە..

**لە مێدیاکانەوە**

# کچێکی سێ ساڵەی نیپالی بە بچووکترین گۆرانیبێژ دەستنیشان دەکرێ

کچێکی تەمەن سێ ساڵەی ولاتی نیپال وەک بچووکترین و کەم تەمەنترین گۆرانیبێژی جیهان دەستنیشان کراوە،، هەروەها توانی ژمارەی پێوانەیی کتێبی گینێس بەدەست بێنێ.

بە گوێرەی هەواڵی کەناڵی تەلەفزیونی "سکای نیوز"، "ئاتی کەیسی" کە کچێکی تەمەن سێ ساڵەیە نیپالیە، دەتوانی بە پێی سەرجەم نۆتەکانی موزیک گۆرانی بڵێت و ماوەیەک لەمەوبەریش یەکەم ئەلبومی گۆرانییەکانی خۆی بڵاو کردەوە.

ئەو کچە تەمەن سێ ساڵەیە لە بواری موزیک تواناێکی زۆری هەیە، بەوهۆیەوە سەرنجی شارەزایان و پسپۆرانی بۆ خۆی راکێشاوە. پاش ئەوەی توانی چەند گۆرانییێک بچڕی، ژمارەی پێوانەیی کتێبی گینێس بەدەست

# ماندو لەفێستیڤاڵی لۆکارنۆ نمایش دەکرێ



فیلمی سینەمایی "ماندوو" لە دەرهێنانی "ئیبراهیم سەعیدی" لە بەشی کێبڕکێی رەسمی شەست و سێهەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی "لۆکارنۆ" لە وڵاتی سویسرا نمایش کرا.

بە پێی راپۆڕتی راگەیاندنی گشتی فیلمی سینەمایی "ماندوو"، کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەمە ٨ی ئۆگۆست بە ئامادەبوونی سینەماکاری کورد "ئیبراهیم سەعیدی"، وێنەگری فیلمەکە "بایرام فەزلی" و بەرپرسی بڵاوکردنەوەی فیلمەکە خاتوو "نەسرین میرشەب"، ڕێوڕەسمی یەکەمین نمایش کردنی فیلمی سینەمایی "ماندوو" لە هۆڵی ریالۆتۆ ٣ لە بەشی کێبڕکێی رەسمی "فیلمسازە خولقێنەر و نوێخوازەکانی هاوچەرخ" لە ٦٣مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "لۆکارنۆ" لە وڵاتی سویسرا بەڕێوەچوو.

"ماندوو" یەکەمین فیلمی سینەمایی سینەماکاری مەهابادی "ئیبراهیم سەعیدی"یە، بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە لایەن کۆمپانیای "دریم لەب" Dream Lab بە بەرپرسیارییەتی خاتوو "نەسرین میرشەب" لە ئاستی جیهاندا بڵاودەکرێتەوە و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بۆ فرۆشی فیلمەکە بە ئامادەبوونی سەعیدی لە بەشی پێشبڕکێی رەسمی ٦٣مین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی "لۆکارنۆ" نمایش کرا.

هەروەها لە کاتژمێر ٢٠ی رۆژی پێنجشەممە، رێککەوتی١٢ی ئاب، نمایشی تایبەت بۆ دەزگاکانی راگەیاندن لە هۆڵی "کورسال" کرا.

کاتژمێر ١١ی رۆژی هەینی ١٣ی ئابیش، نمایشی رەسمی فیلمەکە لە هۆڵی "لێسلا" کرا.

کاتژمێر ١٦.١٥ی رۆژی شەممە ١٤ی ئاب، لە هۆڵی "لێئالترا سێلا" و کاتژمێر ١٩ی دوێنێ شەممە ١٤ی ئاب، لە هۆڵی "لێسلا" دووپات کرایەوە.

شەست و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "لۆکارنۆ" لە رۆژانی ٤ تا ١٤ی ئۆگۆستی ٢٠١٠ بە بەشداری کۆمەڵێک فیلم لە سینەماکارانی سەرانسەری جیهان لە چەندین بەشی جۆراوجۆردا لە کۆمەڵێک هۆڵی شاری لۆکارنۆ لە وڵاتی سویسرا بەڕێوەچوو.

# ئۆرتاج بە کوردی دەستری



سەردار ئۆرتاچ" گورانیبێژی ناوداری تورک کە وەک رەگەزپەرستێک دژایەتی کوردی دەکرد، ئێستا بە کوردی گۆرانی دەسترێ.

رۆژنامەی میلییەت، بڵاوی کردۆتەوە کە گۆرانیبێژ "سەردار ئۆرتاچ" وێرای ئەوەی کە بە تورکێکی شۆڤێنی و توندڕۆ ناسرابوو، کەچی لە ئەلبوومە نوێکەیدا گورانیێکی کوردی چڕیوە.

ئۆرتاچ ساڵی رابردوو پەشیمانیی لەو کردەوەیەی دەربڕیبوو کە دەرهەق بە ئەحمەد کایا ئەنجامی دابوو، رایگەیاندبوو کە کارەکەی هەڵەبووە.

ئۆرتاچ ساڵی ١٩٩٩ لە بۆنەیەک دا پاش ئەوەی ئەحمەد کایا بڕیاری دابوو بە کوردی گۆرانی بڵێ، جنێوی پێدابوو و گێچەڵی پێکردبوو، بەوهۆیەشەوە ئەحمەد کایا دەستەبەسەر کرابوو. دواتر کایا رووی لە هەندەران کرد و لەوێ کۆچی دوایی کرد.